# شیعر لە هەموو شوێنێكی شار بوو..!

**سەباحەت تاهیر**



**لە** 19 / 2006/9 **تا** 23 /9 **گەورەترین فیستفاڵی شیعری لە شاری ئیدمنتۆن لە كەنەدا سازكرا. شاعیرانی بەشدار بوو ,هەموو رۆژانی فیستفاڵ , هەر لە سەعات**8 **هەشتی بەیانی تا** 10 **دەی شەو لە كتێبخانەی گشتی ,شارەوانی, كافتریا, زانكۆ, بارِ, قوتابخانە, سەنتەری شار و شوێنی تریش كۆڕی شیعر خوێندنەوەیان بۆ ساز دەكرا .گوێگرانی شیعریش ئەم چەند رۆژە بەپەلە, لە كۆڕێكەوە ئەچوون بۆ كۆڕێكی تر بۆ ئەوەی گوێ گرتن لە شیعریان لە كیس نەچێت !**

**لەرۆژی** 9/20 **كۆڕێكی تایبەت بوو بە پێنج شاعیری بەناو بانگی ئەمریكای باكوور , كە (شازادەی شیعریان) پێ دەڵێن ! شاعیرەكانیش ئەمانە بوون: (پۆلین مێشل) كیوباك , (دۆلیرین كیندرك) ئەمریكا,( لۆری نیلسن ) هالی فاكس كەنەدا, (لۆیس هالف ) ئیندیانە پێست سوورەكان (نێتیڤ) سەسكاچوون , كەنەدا .( ئەلیس میجەر) سكۆتلند دانیشتووی كەنەدا . كۆرەكەش لە كتێبخانەی گشتی شار بوو و بلیتی چوونە ژوورەوەش بە پانزە دۆلار بوو .**

**یەكێك لە كۆڕە شیعریەكان تایبەت بوو , بە شاعیرانی كەلتوور جیاواز كە چوار شاعیری ولاتانی پۆلەند , یۆگسلافیای پێشوو, هیند, كوردستان شیعریان خوێندەوە , جەلال بەرزنجی وەك شاعیرێكی كورد بەشداری كرد , كۆرەكەش سەعات هەشتی بەیانی لە هۆڵی شارەوانی گێڕدرا .**